
# سکاینەرێک پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە

سـکاینەر ئەو ئامێرەی بەڵگــە و دۆکیۆمێنتەکان لە کاغــەزەوە دەگوازێتــەوە بۆ کۆمپیوتــەر و دەیانکات بە دیجیتاڵی زۆر گرنگە، بۆ سـکان کـردن دەبێت حەتمەن کۆمپیوتــەر هەبێت و لەسـەر شاشـەی کۆمپیوتەرەکە بەڵگە سـکانکراوەکە ببینی، بەڵام سـکاینەری جۆری A150 escan کە هی کۆمپانیای پلوستیکە، جیاوازە لە سکاینەرەکانی دیکە، چونکە شاشە لە



خۆیدایــە و زۆر بــە ئاسـانی دەتوانی بەبێ کۆمپیوتەر سکان بکەی، سکانکردن لەم سکاینەرەدا بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێ، بە داگرتنی دوگمەیەکە بەڵگەکە دەبینی، پاشان بە دوگمەیەکی تر گەورەی دەیکەوە و دواتر سکانی دەکەی. تەنانەت ئەگەر بەڵگەکە پێویستی بە بڕین، سوڕاندن و گۆڕینی ڕەنگ بێت، بەئاسانی ئەنجام دەدرێت. سـکاینەرەکە بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر یا مۆبایل پێویستی بە کێبڵ نییە بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی وایەرلەیسەوە ئەنجام دەدرێت، سکاینەرەکە دەتوانی لە یەك خولەکەدا 15 لاپەڕە سکان بکەی.

# لاپتۆپ گەیمینگ شوێنی ئامێرەکانی گەمەکردن دەگرێتەوە



گەمــە ئەلکترۆنییــەکان بۆ ئەوەی کــە کوالیتی و هێزی نیشاندانیان زیاتر بێت، پێویستییان بە ئامێری گرنگە، وەك پلەی ستەیشن، پی ئێس پی، لەو دوایانەش لاپتۆپ. دیارە کۆمپیوتەر هەمیشە وەك ئامێری گەیمی ئەلکترۆنی سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام تەنیا تایبەت بە گەمەکردن نەبووە، لەو دواییانەدا لاپتۆپی تەنیا تایبــەت بە گەمەکــردن چێکراوە، یەکێك لــە نوێترین لاپتۆپەکان لاپتۆپی جــۆری Asus rog G501یە. کە کوالیتی نیشــاندانەکەی 4Kیە. شاشەکەی 15 ئینجە، بارستاییەکەی 2 سانتە و کێشەکەشی 2 کیلۆیە، بەمەش یەکێکە لە کەم کێشترین و تەنکترین لاپتۆپی تایبەت بە گەیم.

هاردی جۆری SSDی لەسـەرە بە توانای 512 گیگابایت ئەمەش بە مانا خێراییەکی زۆر لە گواستنەوەی زانیارییە.

# کاتێک کاتژمێرەکان نیــــــ




بە هەزاران ســاڵ کاتژمێر تەنیا بۆ نیشاندانی کات بوو، دواتر ڕۆژمێریشــی پێوە زیاد کرا، کەچی لەم ســەردەمەدا کاتژمێــر لاوەکیتریــن ئەرکــی کات نیشــاندانە، ئەرکە گرنگەکانی وەك پێوانی لێدانی دڵ، ژماردنی هەنگاوەکان، تۆمارکردنی کالۆر واتە وزەی سووتاو...تاد.




# کاتژمێری دیواری ژیرۆک

کۆمپانیاکان لە چێکردنی کاتژمێری هۆشـــمەندی دیجیتالـــی رکابەرییانە، ئەپڵ و سامســـۆنگ و مایکرۆســـۆفت و ئێل جی و کۆمپانیاکانی دیکەی بـــواری بەرهەمهێنانی دیجیتالی لە مەیدانەکەدا چالاکن. لەم دواییەدا کاتژمێری دیواری هۆشمەندیش بەرهەم هاتووە، ئەم کاتژمێـــرەی کە لێرەدا وێنەکەی دەبینن، گرنگترین و بـــە تواناترین کاتژمێری دیوارییە، ئەم کاتژمێرە لە راســـتیدا پرۆژکتەرێکە کە وەك گلۆپێك لەســـەر دیوار دادەنرێت و ئەو کاتژمێرەی کە خۆت مەبەســـتتە لەســـەر دیوار بەو قەبارەی دەتهەوێ نیشـــانی دەدات، کاتژمێرەکە هەر کات و رۆژمێر نیشـــان نادات، بەڵکو بە هێڵی ئینتەرنێت دەبەســـترێتەوە و زانیاری سەبارەت بە کەش و هـــەوا، هەواڵی رۆژانە، نرخی دراوەکان، پەیامەکانی فەیســـبوك و تویتەر...تاد لەســـەر دیوارەکە نیشـــان دەدرێت. کاتژمێرەکە سیستەمی وای فای هەیە و لە رێگەی مۆبایل یان لاپتۆپ رەنگ و سایزی کاتژمێرەکە بگۆڕی.




## گەران و خەمخۆرتانن




کاتژمێری هۆشـــمەندی Emvio ئەو کاتژمێرە زیرەکەیە کە ئەرکی سەرەکی چاودێرکردنی تەندروستیتانە، هەرکاتێك تووشی سترێێس و دڵەراوکێ و بووی، نیگەرانی دەروونیت بۆ هاتە پێش پاڵەپەســـتۆی خوێنـــت زیاد بوو، کاتژمێرەکە هۆشداریت پێدەدات.

# مەچەکبەندێک بۆ کەمکردنەوەی ژانی ئازارەکان



لــە جیهاندا گەلێك كەس هەن كە بــە ژان و ئازاری بەردەوام و نەبڕاوە دەناڵێنن. ئەو ئازارانەی كە ژیانی لەوانە تاڵ كردووە، وەك ژانە ســەر، ژانی لاق و دەســت، ژانی مل و...تاد. بەرهەمهێنەرانی بواری تەكنەلۆژیای نوێی پزیشكی هەوڵیانداوە ئامێرێك بە ناوی Quell بەرهەم بێنن كە بە رای ئەوان ئازارە بەردەوامەكان كەم دەكاتەوە و تەنانەت نایهێڵێت.

ئا مێر ێکـە

بۆ ماوەی كاتژمێرێك ڕەگەكانی جەســتەی نەخۆشــەكە دەجووڵێنێ و بەشــێوەیەكی سروشتی و بەبێ دەوا و دەرمان شــەپۆلەكانی ئازار دەوەســتێنێ. ئەوانەی ئەو ئامێرەیان تاقیكردۆتەوە دەڵێن بەهۆی ئەوەوە توانیویانە خەوی ئارامتر و ژانی كەمتر تاقی بكەنەوە. جگە لە كەمكردنەوەی ئازار، توانای زیاتر كردنی بەرگری نەخۆشیش زیاتر دەكات.

ئامێری (كوئل) لە ئامێرێكی ئەلكترۆنی، مەچەكبەندێكی وەرزشــی تایبەت پێكهاتووە، ئەوانەی ئازاریان هەیە دەبێت مەچەكبەندەكە لە ئەژنۆیان بخەن و بە داگرتنی دوگمەیەك دەستگاكە چالاك دەبێت..

# لە یەک کاتدا پێنج ئامێر شەحن بکەوە

لەم سەردەمەدا ماڵێك نییە چەندین ئامێری دیجیتالی نەبێت كە ڕۆژانە پێویستییان بە شەحنكردنەوە نەبێت، هەر بۆیە دەبینی لەسەر هەر پلاكێكی كارەبایی ئامێرێك دانراوە، بۆ نموونە: كامێرا لەلایەك و تەبلێت لەلایەكی دی، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە چەندین مۆبایلیش لە شوێنێكی دیكە بۆ شەحنكردنەوە دانراون. بۆ نەهێشتنی ئەو قەرەباڵغییەی شەحنكردنەوە، شەحنكەرەوەیەك بەرهەم هاتووە كە لە یەك كاتدا دەتوانێت پێنج ئامێر پێكەوە شەحن بكاتەوە. تەنانەت ئەو ئامێرانەی كە سیستەمی (وایەرلەیس) یش شەحن دەبنەوە بەهۆی ئەو ئامێرە شەحن دەبێتەوە. جگە لەوەی ئامێرەكان شەحن دەكاتەوە ڕووناكییەكی كزیشی هەیە كە بۆ كاتی نووستن سوودی لێدەبیندرێت. هەروەها دەكرێت بە هۆیەوە شەپۆلی وای-فای ماڵەوە بەهێز بكەی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت ئایا پێویست دەكات هەموو جارێك كە فلاش میمۆری لە كۆمپیوتەرەكەم دەردێنم بچم OBJECT ی بكەم؟ چونكە دەگوترێت ئەگەر وا نەكرێ فلاش میمۆرییەكە دەسووتێت ئایا وایە؟

خوێنەری بەڕێز بەهۆی ئەوەی كە زانیاری و داتاكان لەسەر فلاش میمۆری یان دەگوازییەوە یان دەیخەیە سەر، ئەگەر OBJECT نەكەی، ئەگەری تێكچوونی هەیە، بەڵام چەند ساڵێكە هەم گۆڕانكاری بەسەر فلاش میمۆری و هەم بەسەر سیستەمی ویندۆزداهاتووە، بۆیە ئەگەر OBJECTیشی نەكەی گرفت نایەتە پێش..



# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتی دەنگ و رەنگ لە مۆبایلدا

پرۆگـــرام گەلێکی زۆر هەن بۆ گۆڕینی فۆرماتی دەنگ و رەنگ بۆ یەکتر، بەڵام لە کۆمپیوتـــەر، ئەگەر نیازت هەبێت فایلێکی دەنگ و رەنگی لە مۆبایلدا فۆرماتەکەی بگۆڕی ئەوە دەبێت فایلەکە لەســـەر کۆمپیوتەر بگۆڕی و پاشان بیگوازییەوە بۆ مۆبایل، بەڵام پرۆگرامێك بەنـــاوی Video converter android بەرهەم هاتووە کە بە ئاســـانی بەهۆیەوە دەتوانرێـــت فۆرماتی جۆرەکانی فایلی دەنـــگ و رەنگ لە مۆبایلدا بگۆڕی. بەبێ ئەوەی کە پێویســـتت بە هێڵـــی ئینتەرنێت بێت. ئیدی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئەو کێشەیەت لە کۆڵ دەبێتەوە کە پێویستت بە کۆمپیوتەر بێت بۆ گۆڕینی فۆرماتی فایلێك لە مۆبایلدا. پرۆگرامەکە پشتیوانی لە هەموو جۆرە فۆرماتێکی دەنگ و رەنگ دەکات.



## مۆبایل لە پەنجەدا

کۆمپانیای نۆکیا سەردەمێك لە ریزی کۆمپانیا یەکەمەکانی بەرهـــەم هێنانی مۆبایل دەهاتە ژمار، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هەوڵی نەدا مۆبایلی هۆشمەند چێ بکات و سیستمی ئەندرۆیدی لە مۆبایلەکاندا دانەنـــا هەندێك لـــە رکابەرییەکەدا دوا کەوت، لـــەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبـــراو بیرۆکەی بەرهەم هێنانی مۆبایلێکـــی هەیە کە لە پەنجە دەخرێـــت و تەواوی تواناکانـــی وەك وەڵامدانەوە، بەرێکردن و وەرگرتنـــی کورتەپەیامی هەیە، بـــۆ هەموو جۆرە پەنجەیەکیش دەگونجێت. گوستیلە مۆبایلەکە بە تەڕبوون تێکناچێت، کێشی کەمە، مۆبایلێکی وا زیاتر وەك فانتازیا ســـەیر دەکرێت ئەگینا سوودێکی ئەوتۆی نییە و رەنگە قەتیش بە کرداری و بە فرەیی چێ نەکرێت..




داری ســـەرجەلە یان (شـــجرە العائلە) مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، زیاتر بۆ هەزاران ســـاڵ دەگەڕێتەوە، داری سەرجەلە بە کێشانی دارێك وەك هێمای بنەماڵەیەك دەکێشرێتەوەو لق و پۆپەکانی دەبنە ئەندامانی بنەماڵە، ئەوانەی حەزیان لێیە زانیاری ســـەبارەت بە ماڵباتەکەیان و باوباپیرانیان کۆبکەنەوە، دەتوانن ســـەر لە سایتی MyHeritage.com بدەن. لەم ســـایتەدا دەتوانی ئەکاونتێك بۆخۆت بکەیەوە و ســـەرجەلەیەك بۆ بنەماڵەکەت چێ بکـــەی، هەروەها دەتوانی وێنەی ئەندامانی بنەمائەکەشـــت دابنێی، جگە لەوەش دەتوانی دەستنووس و پەڕاو و بەڵگە کۆنەکانیش وەك ئەرشیفێك لەم سایتەدا هەڵبگری..